# سیاسەتی کوردی لە ململانێی ڕەشنوسی دەستورو ڕیفراندۆمدا

د. فایق محمەد گوڵپی

لە دوای کوتایی هاتنی پرۆسەی هەڵبژاردنی کانونی دوهەمی ساڵی 2005 ی ئێراق ,گرنگترین ئەرك كە ڕوبەڕوی پەرلەمانی ئێراق و هێزە سیاسیەکان بووە ئامادەکردنی ڕەشنوسی دەستوری ئایندەی ئێراق بوو .لەبەر ئەوەی دەوڵەتی ئێراق لەوەو پێش بەبێ دەستور کاروباری خۆی بەڕێوەبردبوو,دەستورێك لەبەر دەستا نەبوو, تا بە پێی بەندەکانی هەنگاوی بەڕێوەبردنی کارەکانی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت و دامودەزگاکانی تر هەڵبنێن و ماف و ئەرکی پێکهاتە جیاکانی کۆمەڵگای ئێراق بە شێوەیەکی هاوسەنگ دەستەبەر بکات. بۆیە گەورەترین کات و توانای حکومەت و پەرلەمانی ئێراق ,هێزەسیاسیە ئێراقی و کوردستانیەکان, دەوڵەتی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی بۆ بە ئەنجام گەیاندنی داڕشتنی پرۆژەی ڕەشنوسی دەستور بوو کە لە کاتی خۆیدا ئامادەکرا. لە دوای کوتایی هاتنی پرۆسەی ڕەشنوسی دەستور ئەوەی لە بەرنامەی ئەو لایەنانەی داڕێژەری ڕەشنوسی دەستورەکەدایە, ئەوەیە کە ڕێگە خۆشبکەن تا لە ڕیفراندۆمی 15-10-2005 ئێراقیەکان بە زۆرینە دەنگی بۆ بدەن و ئێراق ببێتە یەك لە دەوڵەتە خاوەن دەستورەکانی ناوچەکە.

هەرکە هەنگاوی یەکەمی ئامادەکردنی ڕەشنوسی دەستور نرا, نوێنەری پێکهاتەکانی کۆمەڵگای ئێراق, نەتەوەیی, ئاینی, مەزهەبی, ڕەگەزی, چونە ناو ململانێیەکی هەمەڕەنگەوە تا هەریەك لەلای خۆیەوە هەوڵبدات بەرنامەو داخوازیەکانی خۆی لە دووتوێی بەندەکانی دەستوردا جێبکاتەوە. هەرچی لایەنی ئەمریکیش بوو هەموو تێکۆشانی لە پێناو ئەوەدا بوو کە بەزوترین کات ڕەشنوسی دەستور ئامادەبکرێت بۆ ئەوەی چی زووترە ڕێگەی چونەدەرەوەی لە ئێراق بە سەرکەوتوویی بۆفەراهەم بکرێت. لە ململانێکانی ئامادەکردنی ڕەشنوسی دەستوردا (3)سێ پێکهاتەی سەرەکی گەلی ئێراق بە ڕون و ئاشکرا لە مەیدانەکەدا دەرکەوتن: 1.لایەنی شیعە(الائیتلاف العراقی) 2.لایەنی کوردی(التحالف الکوردستانی) 3.لایەنی سوننە.

ئەگەر چاوێك بە ڕوداوەکانی بەر لە ڕەشنوسی دەستورو ڕوداوەکانی کاتی ئامادەکردنی دەستوردا بگێڕین بۆمان دەرئەکەوێت کە لایەنی شیعە لە دوو لایەکەی تر بە باشترو چالاکتر دابەزیبووە مەیدان, چوونکە لە دوو بەرەدا تێکۆشانی خۆی بۆ جێگیرکردنی بەرنامەکانی لە دەستوردا دەستپێکردبوو, نوێنەرەکانیان لە لێژنەی ئامادەکردنی ڕەشنوسی دەستوردا زۆر بە جدی داکۆکیان لە مافەکانیان دەکرد, لە دەرەوەی ئەمەش لایەنگرانی موقتەدا سەدر و سوپای مەهدی وەك هێزێکی فشاری جەماوەری بەرامبەر داخوازیەکانی لایەنی کوردی و سوننە و ئەمریکا بەکاردەهێنران.

ئەگەر سەیری بەرنامەو کاری لایەنی کوردی بکەین دەبینین ئەمان تەنها بەیەك شێواز دابەزینە ناو پرۆسەی تێکۆشانی جێگیرکردنی مافەکانی گەلی کورد لە ناو بەندەکانی ڕەشنوسی دەستوردا, ئەویش تەنها لە ڕێگەی نوێنەرانی لایەنی کوردیەوە بوو لە لێژنەی ئامادەکردنی ڕەشنوسی دەستوردا, خەباتی جەماوەری و فشاری خەڵکی کوردستانیان فەرامۆش کرد. ئەمەش وایکرد کە لایەنەکانی بەرامبەر بە جدی سەیری داواکاریەکانی نوێنەرانی کوردی نەکەن و گەلی کورد لەم ڕەشنوسی دەستورەدا کەمترین ڕادەی مافەکانی لە بەرچاو بگیرێت.

هەرچی لایەنی سوننە بوو, وەك پێویست ڕۆژەڤی نەبینی و کەوتە هەڵەیەکی گەورەوە کاتێ شێوازی سەرەکی تێکۆشانی خۆی کردە بەکارهێنانی توندو تیژی و بایکوتکردن لە پێناو بەدەسهێنانی ئامانجەکانیدا لە پێش ئامادەکردنی ڕەشنوسی دەستوردا. بەڵام لەم دواییەدا هەستی بە هەڵەکانی خۆی کرد و خەریکە بە تێکوشانی دیپلۆماسی ئەو کەم و کورپیانەی رابوردووی هاوسەنگ دەکاتەوە وبەردەوامیشە لەسەر پەرە پێدانی فشاری جەماوەری تا بەدەستهێنانی زۆرترینی ئامانجەکانی لە ڕەشنوسی دەستوردا دەستەبەر بکات. بەمشێوەیە دەبینین کە لایەنی سوننەش خۆی لە چاولایەنی کوردیدا چالاکتر کردووە, ئەوەی کە مێشێك میوانی نابێت و لە دەسکەوتەکانی خۆی ڕازیە تەنها نوێنەرەکانی کوردن لە لێژنەی ئامادەکردنی ڕەشنوسی دەستور.

لە دوای تەواو بوونی قۆناغی ئامادەکردنی ڕەشنوسی دەستور پێکهاتە هەمەڕەنگەکانی کومەڵگای ئێراق ڕووەو ڕۆژی ریفراندۆم دەچنە پێشەوە.لانیە بە پشتبەستن بە دەسکەوتەکانیان لە دوتوێی بەندەکانی ڕەشنوسی دەستوردا,ئەو دەنگانەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێراق بە دەستیان هێناو ئەو پەرلەمانەی کە ئەوان تێیدا زۆرینەن.سەربەرزوو سەرکەوتوو خۆیان دەبینن و لە سنوری دەسەڵاتی خۆیاندا ئاستەنگی بۆ بەڵێ بۆ دەستور بە دیناکەن ,هەرچی لایەنی سوننەیە تارۆژی ریفراندۆم لە خەباتی دیبلۆماسی و جەماوەری و یاسایی سارد نابێتەوە,ئەگەر ڕەشنوسەکەی والێکرد کە لە بەرژەوەندی خۆیدابێت ئەو کات لە ڕیفراندۆمدا دەنگی بەڵێ ی بۆ ئەدات ئەگەر نا و بە دڵیان نەبوو بە نا نارەزایی خۆیان لەسەر دەستور نیشاندەدەن.

کورد لە کاتی ئامادە کردنی ڕەشنوسی دەستوردا تێکۆشانی جەماوەری و دیبلۆماسی فەرامۆشکرد ,بۆیە بەندەکانی ڕەشنوسی دەستور تایبەت بە مافی چارەی خۆنوسین وسنوری هەرێمی کوردستان و, هێزی پێشمەرگەو نوێنەرایەتی دیبلۆماسی هەرێمی کوردستان و داهاتی هەرێم لە هیچ بەندێکی ڕشنوسەکەدا جێگەیان نەگرت . هۆکاری یەك شێوە تێکۆشانی لایەنی کوردی بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە دەسەڵاتدارانی باشوری کوردستان

بڕوایان به فره دەنگی و فره ڕەنگی و بنەماکانی تری سیستەمی دیموکراسی نیە,هەموو توانای خۆیان دەخەنە گەڕ تا لەدەرەوەی پارتی و یەکێتی هێزێکی ئۆ پۆزسیون دروست نەبێت ,کاتێك ئەم هێزەش له گۆڕەپانی تێکۆشاندا بونی نەبێت یان زۆر لاواز بێت کورد ناتوانێت خەباتی جەماوەری فشارئامێز بەڕێوەببات.هەردوو حزبی دەسەلاتداری باشوری کوردستان لە میانەی ئامادەکاری خۆیاندا بۆ رۆژی ریفراندۆم بەردەوامن لە سەر سیاسەتی رەش و سپی جارانیان,بە دروستکردنی ئاستەنگی بۆ ئەو کەس ولایەنانەی کە نیازیان هەیە بە نا بۆ دەستور وەلامی ڕیفراندۆم بدەنەوە,ئەم هەلۆێستە لە لایەکەوە دژی بنەمای سیستەمی دیموکراسیە لە لایەکی ترەوە دژا یەتی کردنی ماف وئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کوردە ,لەبەر ئەوەی لە ڕەشنوسی دەستوردا کەمترین داخوازی نەتەوەیی گەلەکەمان گەرەنتی کراوە . ئەگەر کورد بە زۆرینە دەنگ بۆ ئەم ڕەشنوسە بدات چی ئەگەیەنێت؟ ئەوە ئەگەیەنێت کە کوردیان زۆربەی مافی خۆی بەدەست هێناوە کەوا نیە یان میللەتێکەڕاست و چەپی خۆی لە یەك جیا ناکاتەوە,یان دەبێ پێناسەیەکی تری بۆ بدۆزینەوە کە کورد میللەتێکی حزبیە پارتی و یەکێتی چی بلێن ئەو وا دەکات؟